## بەشی یەکەم

**مادەی یەکەم/**

**یەکەم: ناوی ڕێکخراو:**

- ڕێکخراوی سروشتی کوردستان.
- منظمة طبیعة کوردستان.
- Kurdistan Nature Organization کورتکراوە: (K.N.O)

**دووەم: بواری کارکردن:** پەروەردەی ژینگەیی – یاسایی ژینگەیی.

**سێیەم: پێناسە:** ڕێکخراوێکی ناحکومیی سەربەخۆی ژینگەیی خۆبەخشی قازانج نەویستە. کاردەکات بۆ پاراستن و گەشەپێدانی ژینگەی کوردستان، لەڕێگەی بڵاو کردنەوەی هۆشیاری ژینگەیی و دروستکردنی فشار.

**چوارەم: ئارم:**

- **لە چوار ڕەنگ پێکدێت:**
- زەرد: گوزارشتە لە خۆر.
- سەوز: گوزارشتە لە سەوزایی.
- شین: گوزارشتە لە ئاو و ئاسمان و هەوا.
- قاوەیی: گوزارشتە لە خاك.

- هێڵی کەوانەی ئاماژەیە بۆ پاراستنی ژینگە.
- گەڵا ئاماژەیە بۆ سەوزایی.
- دوو هێڵی شکاوە و نیوەبازنەیی ئاماژەیە بۆ شاخ و گرد.
- گۆی زەوی ئاماژەیە بۆ جیهان.

**پێنجەم: دروشم:**

- ژینگەیەکی سەوز و تەندروست لە پەروەردەیەکی دروستەوە سەرچاوە دەگرێت.
- پەروەردەی ژینگەیی و یاسایی ژینگەیی بنەمای کارکردنمانە.

**شەشەم: سنوری کارکردن:** باشوری کوردستان - لە هەرشوێنێکی تر دەرفەتی کار و ئەنجامدانی پرۆژەی ژینگەیی تیادا بگونجێت و ڕێکخراوەکەمان لە توانایدا هەبێت.

## بەشی دووەم

**مادەی دووەم/**

**یەکەم: ئامانجەکان/ هەوڵدەدەین بۆ:-**

١- وشیارکردنەوەی تاك لەپاراستن و گەشەپێدانی ژینگە، لەڕێگەی میدیا.
٢- دانانی پرۆگرامی ژینگەیی بۆ باخچەکانی منداڵان و قوتابخانە بنەڕەتیەکان.
٣- بەوانەیی کردنی ژینگە لە باخچەکانی منداڵان و قوتابخانە بنەڕەتیەکان.
٤- ئامادەکردن و پێشکەشکردنی پرۆژە یاسای ژینگەیی بۆ پەرلەمانی کوردستان.
٥- ئامادەکردن و پێشکەشکردنی پرۆژە ڕێنمایی ژینگەیی بۆ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان.

**دووەم: چۆنیەتی گەیشتن بە ئامانجەکان:**

١- بەرزکردنەوەی توانا و ئاستی ئەندامان و دۆستانی ڕێکخراو.
٢- چاودێریکردنی ڕەوشی ژینگە و ئاستی خزمەتگوزارییە پەیوەستەکان بە ژینگەوە.
٣- سازدانی کۆرس و ۆرکشۆپ و سیمینار و کۆنفرانس و کۆنگرە.
٤- دروستکردنی فشار لەسەر لایەنە حکومییەکان و کەرتی تایبەت، لە ڕێگەی:
- کۆبوونەوە، گردبوونەوە، میدیا، هەرچالاکییەکی دیکەی مەدەنی.

٥- پتەوکردنی پەیوەندی نێوان ڕێکخراو و هەموو دەستگا و کۆمەڵەیەك کە بەتەنگ ژینگەوە بێت (لە ناوخۆ و دەرەوە).

## بەشی سێیەم

**مادەی سێیەم/ پرەنسیپەکانی ئەندامێتی:**

**یەکەم: مەرجەکان:**

١- نەبێت بەهۆکار بۆ تێکدان و شێواندنی ژینگە.
٢- کتێبی (ژینگە و ڕێکخراوەژینگەییەکانی باشوری کوردستان) بخوێنێتەوە.
٣- بڕوای بە پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆی ڕێکخراو هەبێت و ڕێنماییەکانی جێبەجێ بکات.
٤- فۆڕمی ئەندامێتی پڕبکاتەوە.

**دوهەم: لەدەستدانی ئەندامێتی و سزاکان:**

**أ) سەرپێچییەکان:**

١- پابەند نەبوون بە پەیڕەوی ناوخۆ.
١- کارکردن دژ بە ئامانج و بەرژەوەندییەکانی ڕێکخراو.
٢- سێ جار ئامادەنەبوون لە کۆبوونەوەکان و چالاکییەکان بە بێ هیچ هۆ و پاساوێك.

٣- بەکارهێنانی توندوتیژی لەگەڵ ئەندامان.
٤- سزادانی لەلایەن دادگاوە بە یەکێك لە تاوانە ئابڕووبەرەکان.
٥- بوون بە هۆکار بۆ تێکدان و شێواندنی ژینگە، یان کارکردن دژ بە یاسا و ڕێنماییە ژینگەییەکان.
٦- دەستبەسەرداگرتنی موڵکی ڕێکخراو، یان خراپ بەکارهێنانی.
٧- ئەگەر دەرکەوت ناتوانێت هیچ جۆرە بەشداریەك یان چالاکییەك لەپێناو ڕێکخراوەکەدا ئەنجامبدا.

**ب) سزاکان:**

١- ئاگادارکردنەوە.
٢- سڕکردن، دوای یەکجار ئاگادارکردنەوە، تا بەستنی کۆنگرە.
٣- لێسەندنەوەی مافی ئەندامێتی.

**سێیەم: مافەکانی ئەندام:**

١- مافی هەیە بەشداری لە چالاکیەکانی ڕێکخراودا بکا.
٢- مافی ڕادەربڕین و ڕەخنە و پێشنیاری هەیە.
٣- لە کاتی ئەنجامدانی چالاکیەکاندا مافی بەکارهێنانی ناوی ڕێکخراوی هەیە.
٤- مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتنی هەیە بۆ پۆستە جیاجیاکان.
٥- مافی بەدەستهێنانی زانیاری و بەرزکردنەوەی پرۆژەی هەیە.
٦- مافی داواکردنی پشتگیری کارکردن و چالاکی هەیە بۆ هەر ناوەندێك بیەوێت.
٧- لە کاتی سزادانیدا مافی بەرگریکردنی هەیە و دەتوانێت لە ماوەی ١٥ ڕۆژدا، بەنوسین داوا بۆ بۆردی باڵا بەرزبکاتەوە.
٨- مافی دەستلەکارکێشانەوەی هەیە.

**چوارەم: ئەرکەکانی ئەندام:**

١- کار لە پێناو گەشەپێدانی توانای خۆی و ئەندامانی تردا بکا.
٢- بەدەم بانگەواز و چالاکیەکانی ڕێکخراوەکەوەبێت، لەماوەی ساڵێکدا بەپێی توانا چەندچالاکییەك ئەنجام بدا.
٣- کاربکا بۆ هێنانە پێشەوەی ئەندامی نوێ.
٤- کۆمەکی دارایی پێشکەش بە ڕێکخراو بکا.

**پێنجەم: ئەندامی فەخری:** بریتییە لەو کەسانەی خاوەن کەسایەتییەکی دیارن و دەتوانن سود بە ڕێکخراوە بگەیەنن، مافی دەنگدان و خۆپالاوتنیان نیە.

## بەشی چوارەم

**مادەی چوارەم/ پێکهاتەی ڕێکخراو:**

**پەیکەری ڕێکخراو پێکدێت لە:**

یەکەم/ بۆردی گشتی: بریتییە لە سەرجەم ئەندامانی ڕێکخراو.

دووەم/ بۆردی بالاّ: بریتییە لە هاوسەرۆکان و جێگر و بەرپرسی ناوەندەکان.

**یەکەم/ بۆردی گشتی و دەسەلاّتەکانی:**

(أ) **پێکهاتەی بۆردی گشتی:** لە سەرجەم ئەندامانی ڕێکخراو پێکدێت، کەبەرزترین دەسەلاّتی ڕێکخراوەکەیە.

**(ب) دەسەلاّتەکانی بۆردی گشتی:**

١- سالّی یەکجار و لە لەکۆتایی هەمو سالّێکدا، کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجامدەدات.

٢- هەرسێ سالّ جارێك بە ئامادەبوونی ئەندامانی بۆردی گشتی و بە ڕەزامەندی بۆردی بالاّ، کۆنگرەی ڕێکخراو دەبەسترێت.

٣- لە کۆنگرەدا ئەگەر پێویست بوو، ئەوا بەبڕیاری ٣/٢ی ئەندامان، پەیرەو و پرۆگرامی ناوخۆ هەمواردەکرێتەوە و پێداچوونەوە بە مادە و برگەکانیدا دەکرێت.

٤- لە کۆنگرەدا بەهەلّبژاردنێکی ئازاد و نهێنی بۆردی بالاّ هەلّبژێردرێت.

٥- لە کۆنگرەدا بەرێژەی ٣/٢ی ئەندامان دەتوانێت لەگەلّ ڕێکخراوێکی تری ژینگەیی یەکبگرێت، یان تۆڕی ژینگەیی پێکبهێنێت.

٦- لە کۆنگرەدا بە بڕیاری ٣/٢ی ئەندامان دەتوانرێت ڕێکخراوەکە هەلّبوەشێندرێتەوە.

**دووەم/ بۆردی بالاّ:**



## A. پێکهاتەی بۆردی باڵا:

بۆردی باڵا پێکدێت لە: (٩)ئەندام کە لەلایەن بۆردی گشتییەوە لە کۆنگرە هەڵدەبژێردرێن، پێویستە ڕێژەی ئافرەت تیایدا لە چوار کەس کەمترنەبێت.

١- دەستەی هاوسەرۆکان: بریتیە لە(٣) کەس، دوو کەس لە ڕەگەزی نێر، وە ڕەگەزێکی مێ هاوسەرۆکی ڕێکخراودەکەن، لەگەڵ جێگرێك.

٢- ناوەندەکان: لە(٦)ئەندامی بۆردی باڵا پێکدێت کەهەریەك لەو ئەندامانە بەرپرسی ناوەندێك دەبن.

ناوەندەکانیش پێکدێت لە: (کارگێڕی و دارایی، پەروەردەی ژینگەیی، یاسایی ژینگەیی، سەرچاوە مرۆییەکان، پەیوەندییەکان، میدیا).

## B. دەسەڵاتەکانی بۆردی باڵا:

١- ئەندامانی بۆردی باڵا، هاوسەرۆکان و یاریدەدەری هاوسەرۆکان لەنێوان خۆیاندا بەدەنگی(٥٠+١)دیاری دەکەن بەهەڵبژاردنێکی ئازاد و نهێنی.

أ- مەرجە هەر ئەندامێکی بۆردی باڵا، کە بۆدەستەی هاوسەرۆکان خۆی دەپاڵێوێت، بەرواری بوون بەئەندامی ساڵێکی تێپەڕاندبێت.

ب- مەرجە پێشتر بەرپرسیارێتی لە ناو ڕێکخراودا هەبووبێت.

ت- مەرجە لەناو هیچ ڕێکخراوێکی تری ژینگەیدا ئەندام نەبێت.

پ- مەرجە هونەری بەڕێوەبردن و شارەزایی لە زانستی بەڕێوەبردن هەبێت.

٢- لەنێوان دوو کۆنگرەدا بەرپرسە لە کاروباری کارگێڕی و دارایی ڕێکخراوەکە.

٣- لە ساڵێکدا شەش جار کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجامدەدات.

٤- پەسەندکردن و ڕەتکردنەوەی پلان و پرۆژە و چالاکییەکان.

٥- دانانی بوجەی ساڵانەی ڕێکخراو، هەروەها پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی بودجەی ساڵی پێشوو.

٦- پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی کار و چالاکی ڕێکخراو لە ماوەی ساڵانی ڕابردوو، وە دانانی پلان و بەرنامەی نوێ بۆ داهاتوو.

٧- بەبڕیاری ٣/٢ی ئەندامان دەتوانرێت نوێنەرایەتی لە پارێزگا و قەزاکان یان لە دەرەوەی باشوری کوردستان بکاتەوە.

٨- بە بڕیاری (٥٠+١)ی ئەندامان دەتوانرێت نوێنەرایەتیەکان ناچاربکرێن بەگۆڕینی ئەندامانی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی نوێنەرایەتی.

٩- پێکهێنانی لیژنە یان تیمی تایبەت بۆ بەدواداچوون و کارەکان پێکبهێنرێت.

١٠- لە کاتی دیارنەمانی یەکێك لە هاوسەرۆکان یان جێگر یان ئەندامانی بۆردی باڵا، ئەوا دەتوانرێت شوێنەکانیان پڕبکاتەوە.

## C. دەسەڵاتی دەستەی هاوسەرۆکان:

**یەکەم: دەسەڵاتی هاوسەرۆکان:**

١- پارێزەری پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆی ڕێکخراوەکەن.
٢- بەرپرسی ناوەند و بەشەکان دیاری دەکەن، لەسەر بنەمای لێهاتوویی و شارەزایی.
٣- سەرپەرشتی ناوەندەکانی بۆردی باڵا و نوێنەرایەتیەکان دەکا، ڕێنمایی تایبەت بەدەسەڵات و ئەرکەکانیان دەردەکات.
٤- بۆردی گشتی بۆ کۆبوونەوەکان بانگهێشت دەکەن و ڕاپۆرتی چالاکی و دارایی ساڵانە بۆ بۆردی گشتی ئامادە دەکەن.
٥- فەرمانی کارگێڕی دەردەکەن و ئیمزا لەسەر خەرجی و گرێبەست و نوسراوەکان دەکەن.
٦- سەرپەرشتی کۆبوونەوەکانی ڕێکخراو دەکەن و لێپرسینەوە لەگەڵ تەواوی ستافی بۆردی باڵا دەکەن.
٧- لێدوان بەناوی ڕێکخراو دەدەن و نوێنەرایەتی لە کۆبوونەوە دەرەکی و ناوخۆییەکان دەکەن.
٨- بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی هەیانە، دەتوانن بەشێك لە دەسەڵاتەکانیان بدەنە جێگر یان یەکێك لە ئەندامانی بۆردی باڵا.
٩- ووردبینی و بەدواداچون و هەڵسەنگاندن بۆ (داواکاری، پێشنیار، پرۆژە، سکاڵا، لیژنەکان)دەکەن.
١٠- لەدەرەوەی پلانی کار و چالاکییەکان دەتوانن بڕیار لەسەر هەرکار و چالاکییەك بدەن، ئەگەر پێویست بوو.
١١- بڕیاردەدەن لەسەر کۆبوونەوەی ئاسایی و نائاسایی بۆردی گشتی و بۆردی باڵا و دیاری کردنی کات و شوێن.
**١٢-** ئەگەر ژمارەی ئەندامانی نوێنەرایەتییەك کەمتر بوو لە(١٠) ئەندام ئەوا لەلایەن دەستەی هاوسەرۆکانەوە، ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی نوێنەرایەتی دیاری دەکرێت.
١٣- بڕیاری کۆتایی لەبارەی سزادان و وەرگرتنی ئەندامەوە دەدەن.

**دووەم: یاریدەدەری هاوسەرۆکان:**

سەرپەرشتی ڕێکخستنی مرۆیی مادی و لۆجیستیکی، کاروباری نوێنەرایەتیەکان دەکا، لە ئامادەنەبوونی هاوسەرۆکان، سەرپەرشتی کاروباری ووتەبێژی ڕێکخراو دەکات.

## D. دەسەڵاتی ناوەندەکان:

**(١) ناوەندی کارگێڕی و دارایی: لەچوار بەش پێکدێت بەشەکانی(ژمێریاری، دۆسیەکان، ئەرشیفی چالاکییەکان، سپۆنسەر)**

٦- بەشی ژمێریاری: داهات و خەرجییەکان تۆماردەکا، ڕاپۆرتی دارایی پێشکەش دەکا.

٧- بەشی دۆسیەکان: نوسراوە هاتوو ڕۆیشتووەکان و فەرمانە کارگێڕییەکان تۆماردەکات، ئەرشیفی دۆسیەکان دەکات.

٨- بەشی ئەرشیفی چالاکیەکان: چالاکییەکان بە بەنووسین تۆماردەکات، وێنە و ڤیدیۆکان ئەرشیف دەکات.

٩- بەشی سپۆنسەر: سپۆنسەر و کۆمەکی دارایی بۆ چالاکی و پرۆژەکان دەدۆزێتەوە.

**(٢) ناوەندی پەروەردەی ژینگەیی:** کاردەکات بۆ ئامادەکردنی پرۆگرام و بەرنامە و پرۆژەی پەروەردەی ژینگەیی.

**(٣) ناوەندی یاسایی ژینگەیی:** کاردەکات بۆ ئامادەکردنی پرۆژە یاسا و پرۆژە ڕێنمایی ژینگەیی.

١١- **ناوەندی سەرچاوە مرۆییەکان:** بەرپرسە لەدابەشکردنی کارەکان و ئامادەکردنی هێزی مرۆیی بۆ ئەنجامدانی چالاکی و پرۆژەکان، بەرپرسە لە وەرگرتن و سزادانی ئەندام و ڕێکخستنی فۆڕم و دۆسیەی ئەندامان، هەڵسەنگاندن بۆ کاروچالاکیەکانی ئەندام دەکات.

**(٤) ناوەندی پەیوەندییەکان:** کاردەکات بۆ دروست کردن و ڕێکخستنی پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراو و ناوەندە ژینگەییە حکومی و ناحکومیەکان و دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ڕاگەیاندنی بینراو، بیستراو، خوێندراو، کاردەکات بۆ ناساندنی ڕێکخراو.

**(٥) ناوەندی میدیا:** کاردەکات بۆ بەڕێوەبردنی لاپەڕەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و سایت، بەرپرسە لەبلاّوکراوەکان.

**وتەبێژ:** لەلایەن هاوسەرۆکەوە ئەرکداردەکرێت، بە دەرکردنی بەیاننامە و نووسینی یاداشت و بەستنی کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانی و پێدانی هەواڵ و لێدوان و زانیاری بۆ میدیاکان، ئەرکە سەرجەم چالاکیەکانی ئەرشیف بکات.

## بەشی پێنجەم

**مادەی پێنجەم/ پەیکەری ڕێکخستنی نوێنەرایەتییەکان پێکدێت لە:**



**یەکەم/ ئەنجومەنی گشتی نوێنەرایەتی:** لە سەرجەم ئەندامانی نوێنەرایەتی پێکدێت و بەرزترین دەسەلاٌتی نوێنەرایەتیەکەیە.

**دووەم/ ئەنجومەنی بەڕێوبردنی نوێنەرایەتی:** لە(٥)کەس پێکدێت، دووهاوسەرۆك و سێ ئەندامی ئەنجومەن، کە هەریەکەیان بەرپرسی بەشێك دەبن، بەشەکانیش بریتین لە(ژمێریاری، چالاکیەکان، میدیا).

**سێیەم/ گروپ:** لە ئەندامێك یان زیاتر پێکدێت، لە شوێنێك کە نوێنەرایەتی ڕێکخراوەکەی لێ نییە و ئەو شوێنەش دەکەوێتە سنوری چالاکییەکانی نوێنەرایەتیەکەوە، گروپەکە بەناوی ئەو شوێنەوە دەبێت کە گروپەکەی لێییە.

**یەکەم: دەسەلاٌتەکانی ئەنجومەنی گشتی نوێنەرایەتی:**

١- ئەنجومەنی بەڕێوبردنی نوێنەرایەتی هەڵدەبژێرێت، لە هەڵبژاردنێکی ئازاد و نهێنی.
٢- ساڵی دووجار کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجامدەدا، ئەگەر پێویست بو دەتوانن کۆبونەوەی نا ئاسایی ئەنجام بدەن.
٣- لە کۆتای ساڵدا ڕاپۆرتی داهات و خەرجی و چالاکییەکان پەسەنددەکات.

**دوهەم:**

**A. دەسەلاٌتی ئەنجومەنی نوێنەرایەتی:**

١- نوێنەرایەتی ڕێکخراو دەکەن لەسنوری کاروچالاکییاندا.
٢- سەرپەرشتی ئەندامانی سنوری نوێنەرایەتیەکە دەکەن و بانگهێشتی کۆبوونەوەیان دەکەن.
٣- لێپرسینەوە لەگەڵ تەواوی ستافی نوێنەرایەتیەکە دەکەن.
٤- هاوسەرۆکی نوێنەرایەتی لێدوان بەناوی ڕێکخراوەوە دەدات، بەڕاوێژ لەگەڵ ووتەبێژی ڕێکخراو.
٥- مۆری تایبەت بە نوێنەرایەتیان دەبێت و هاوسەرۆکی نوێنەرایەتی دەتوانێت نووسراو ئاراستە بکات، لە سنوری کارەکانیاندا.
٦- کۆمەکی ئەندامانی سنوری نوینەرایەتی، بۆ نوێنەرایەتی خۆی خەرج دەکرێت. وەرگرتن و خەرجکردنی بەوەسڵ دەبێ، بەپێی ڕێنماییەکانی ناوەندی کارگێڕی و دارایی.
٧- هەر لیژنە و تیمێك بە پێویست زانرا دەتوانێت پێکیبهێنێت.
٨- لەدەرەوەی پلانی کاروچالاکیەکانی بۆردی بالاٌ، ئەنحومەنی نوێنەرایەتی دەتوانێت هەر کاروچالاکییەك کە لەگەڵ ئامانجەکانی ڕێکخراودا یەك بگرێتەوە جێبەجێ یان بکات.
٩- کردنەوەی گروپ لە هەرشوێنێك پێویست بکات.
١٠- پێشنیاری سزادانی ئەندام بۆ بۆردی بالاٌ بەرز دەکاتەوە.

١١- سەرجەم دەسەلاتەکان لەژێرچاودێری و هەڵسەنگاندی ڕاستەوخۆی یاریدەدەری هاوسەرۆکان یان هاوسەرۆکان دەبێت، بۆ زیاتر ئەزموندارکردنی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی نوێنەرایەتی.

**B. ئەرکی ئەنجومەنی نوێنەرایەتیەکان:**

١- سەرجەم بڕیارەکانی بۆردی باڵا جێبەجێ دەکەن.
٢- پلانی چالاکییەکان لەسنوری کاریاندا جێبەجێ دەکەن.
٣- پلانی کارکردنی مانگانەی دادەنێت.
٤- سەرجەم کاروچالاکییەکان بەنووسین و وێنە و ڤیدیۆ ئەرشیف دەکەن.
٥- ڕاپۆرتی کاروچالاکی و داهات و خەرج لە مانگی ١٢ی هەمان ساڵدا بۆ بۆردی باڵا بەرزدەکەنەوە.
٦- کار بۆ ناساندنی ڕێکخراوەکە دەکەن، لەڕێگەی سەردان و کۆبونەوەوە.
٧- کاربۆ دیاریکردن و خستنەڕوی گرفت و کێشە ژینگەییەکانی سنورەکەیان دەکەن.
٨- پێشنیار و کاروچالاکی و پرۆژە بەرز دەکەنەوە، بەمەبەستی خستنەپلانی چالاکییەکانی ڕێکخراو.
٩- ساڵی چوارجار بەشێوەی وەرزانە، کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی نوێنەرایەتی ئەنجامدەدەن، ئەگەر پێویست بوو دەتوانن کۆبونەوەی نا ئاسایی ئەنجام بدەن.
١٠- بڕوانامەی ڕێزلێنانی ساڵانە لە کۆتایی ساڵەوە دەبەخشێت بە چالاکترین ئەندام و بەش و گروپ.

**سێیەم: گروپ:** بەرپرسی گروپەکە لەلایەن هاوسەرۆکانی نوێنەرایەتیەکەوە دیاری دەکرێت و بەنووسراوێك دەسەلات و ئەرکەکانی بۆ شۆڕدەکاتەوە، ڕاستەوخۆ بەرپرسی گروپەکە دەبێت بە ئەندام لە ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی نوێنەرایەتی.

## بەشی شەشەم

**مادەی شەشەم/ هاندانی ئەندامان:**

**هاوسەرۆکان بەناوی بۆردی باڵاوە: بڕوانامەی ڕێزلێنان و خەڵات دەبەخشن بە:**

١- بۆردی باڵا خەڵاتی کریستاڵی دەبەخشێت بە کاراترین و چالاکترین نوێنەرایەتی ساڵ.
٢- بۆردی باڵا خەڵاتی کریستاڵی دەبەخشێت بە کاراترین و چالاکترین هاوسەرۆکی نوێنەرایەتی ساڵ.
٣- بۆردی باڵا بڕوانەی ڕێزلێنان دەبەخشێت بە کاراترین و چالاکترین بەشی ساڵ.
٤- بۆردی باڵا بڕوانامەی ڕێزلێنان دەبەخشێت بە ئەندامانی کارا، هەر ئەندامێك بە کارا ئەژماردەکرێت ئەگەر بەشداری لە تەواوی چالاکیەکانی نوێنەرایەتیەکەی یان گروپەکەی کردبێت، بەمەرجێك ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی نوێنەرایەتی بەنووسراو پشتگیری بکات.

## بەشی حەوتەم

**ماددەی حەوتەم/ داهاتی ڕێکخراو و ژمێریاری:**

**یەکەم: داهاتی ڕێکخراو پێکدێت لە:**

١- کۆمەکی ئەندامان کە پێشکەشی دەکەن.

٢- ئەو کۆمەك و بەخشش و دیارییانەی کە لەلایەن کەسەکان و کەرتی تایبەت و ڕێکخراوی ناوخۆی و بیانییەوە پێشکەشدەکرێن، یان پشتبەستن بەکاری سپۆنسەر.

٣- پشکی ڕێکخراو لە بوجەی تەرخانکراو لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان، لە رێگای پرۆژەی پێشنیارکراوەوە.

**دوهەم: چاودێری و ژمێریاری:**

١- سەرجەم داهاتی دراوی ڕێکخراو لە ڕێگای ئەو حسابە بانکیەوە دەبێت کەبەناوی ڕێکخراوەکە کراوەتەوە.

٢- ڕێکخراو لەڕێگەی بوجەی ساڵانەوە بە گوێرەی سیستەمی ژمێریاری پەیڕەوکراو لە هەرێمی کوردستان، دارایی خۆی بەڕێوەدەبات.

٣- ڕێکخراو ڕاپۆرتی ساڵانەی دارایی خۆی پێشکەش بە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان دەکات و لەلایەن دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێمدا وردبینی بۆ دەکرێت.

٤- سەبارەت بەو پرۆژانەی کە حکومەتی هەرێم پشتیوانیان دەکات، پێویستە ڕێکخراو ڕاپۆرتێکی ورد دەربارەی چۆنیەتی جێبەجێکردنی پرۆژەکە پێشکەش بە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان بکات و پابەندبێت بە تەواوی مەرجەکانی گرێبەستەکەوە.

## بەشی هەشتەم

**ماددەی هەشتەم/ تۆمارەکانی ڕێکخراو:**

ڕێکخراو ئەم تۆمارانەی لای خوارەوەی دەبێت و دەبێت لەلایەن دادنووسەوە پشتڕاستکرابن:

١- تۆماری ئەندامان: زانیاری تەواو دەربارەی (ناو، ناونیشان، تەمەن، ڕەگەز ، پلەی خوێندن، ڕۆژی بوونە ئەندام).

٢- تۆماری بڕیارەکان: بریتی دەبێت لە بڕیارەکانی هەریەك لە بۆردی گشتی و بۆردی باڵا، ئیمزاش بکرێن.

٣- تۆماری ژمێریاری: داهاتوو خەرجییەکانی ڕێکخراوی تیادا تۆماردەکرێت.

٤- تۆماری بنەڕەت (تۆماری هەبووەکان): هەموو سامانی گواستە و نەگواستەی ڕێکخراوەکەی تیادا تۆماردەکرێت.

## بەشی نۆیەم

**مادەی نۆیەم/ بنەماکانی کارکردن لە ڕێکخراوەکەدا:**

١- بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی، ڕێکخراو بەپێی پرنسیپە دیموکراتیەکان کاردەکات.

٢- پابەند دەبێت بە یاسا نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ.

٣- پابەندە بە یاسا پەیرەوکراوەکانی هەرێمی کوردستان – عێراق.

٤- ئەو ناوەندانەی لە دەرەوەی هەرێمن، پابەندی یاسا پەیڕەوکراوەکانی ئەو شوێنانە دەبن، کە لێی کاردەکەن.

## بەشی دەیەم

**ماددەی دەیەم/ حوکمی گشتی:**

لە کاتی هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراودا بە هەرهۆیەك بێت گشت سامانە گواستە و نەگواستەکانی دەگوازرێتەوە بۆ ڕێکخراوێکی تری ژینگەیی لە باشوری کوردستان، کە لەگەڵ ئامانجی ڕێکخراودا یەکبگرێتەوە.

## بەشی یانزەیەم

لەدوای پەسەندکردنی سەرجەم بەش و ماددەکانی، لەلایەن زۆرینەی ئەندامانی کۆنگرەی دووەمی ڕێکخراوی سروشتی کوردستان، کار بەم پەیڕەو و پرۆگرامە دەکرێت، لەڕۆژی دەرچونییەوە لە(٢٠١٨/١١/٣٠) بۆ ماوەی سێ ساڵ.